# زمانی کوردی لە سیستمی پەروەردەی باشووری کوردستاندا

فەرەیدوون سامان

## پێشەکی

دەتوانین ئاماژە بە دوو وەرچەرخانی مێژوویی بکەین لە گۆڕانکاری و گەشەکردنی زمانی کوردیدا، پیڤاژۆی یەکەم بەر لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، پیڤاژۆی دووەمیش دوای ڕاپەڕین، مەبەستیش لەو توێژینەوەیە قسەکردنە لەسەر ڕەوش و سیستمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان و ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان، وێڕای هەبوونی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، لەپاڵ دامەزراندنی چەندان داوودەزگای ئەکادیمی و ناوەندی کولتووری و زمانەوانی، کرانەوەی کۆلیژەکانی زمان و بەشی کوردی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها کردنەوەی یەکەکانی بەشی کوردی لە باکوور و ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، جگە لەو ناوەند و ڕێکخراوە زمانناسییانەی کە لە ساڵانی ڕابوردوودا بۆ خزمەتکردنی زمانی کوردی کاریان کردووە، بەدەرکردنی بڵاوکراوەی تایبەت بە زمانناسی، هەروەها سازدانی کۆڕ و سیمینار و کۆنفرانس لە بارەی ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەکردنی زمانی کوردی لەو بوارانەدا.

وێڕای ئەو هەموو دەسکەوت و گەشەکردنەی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا، بەتایبەت دوای بە ڕەسمی ناساندنی زمانی کوردی لەسەر ئاستی عێراق، بەڵام مخابن دەبینین لەسەر ئاستەکانی پەروەردە، هەروەها سۆسیال میدیا زمانی کوردی دووچاری پاشەکشێ و دوو لەت بوون هاتووە، ئامانج و مەبەست لەو لێکۆڵینەوەیە ئاماژەکردنە بەو کێشانەی کە لەبەردەم گەشەکردنی زمانی کوردیدا لە بوارەکانی سیستمی پەروەردە لە باشووری کوردستان هەن، هەروەها خستنە

ڕووی پێشنیار و ڕاسپاردە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە کە ڕەنگە لە داهاتوودا یارمەتیدەر بن بۆ نەهێشتن، یان کەمکردنەوەیان، هەوڵێکی دڵسۆزانەتریش بۆ نزیککردنەوە و قسەکردن بێت لەسەر بەستانداردکردنی زمانی کوردییە لەسەر ئاستی میتودە پەروەردەییەکانی هەرێمی کوردستاندا.

## زمانی کوردی لەنێوان ڕەتکردنەوە و بەفەرمی ناساندنیدا

زمان ناسنامەی نەتەوەیە، هەر نەتەوەیەکیش زمانەکەی لە دەست بدات، هەڵبەتە خاکەکەشی لە دەست دەدات، لەوەتەی کوردستانیش دابەش کراوە، زمانەکەشی لە لایەن نەتەوە سەردەستەکانەوە دابەش و قەدەغەکراوە، بۆیەش دەبینین داگیرکەرانی کوردستان بەر لە هەموو شتێک دژایەتی توندی زمانی کوردییان کردووە، چونکە بایەخی زمان لە گەیاندن و بە یەکبەستنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە و پەرەپێدانی بوارەکانی لە ڕێگەی دیالۆگ و لەیەکحاڵیبوون، هیچی کەمتر نییە لە کۆڵەکە نەتەوەییەکانی دیکەی وەک گەل و خاک و مێژوو و ئایین و کەلەپوور و بەرژەوەندی هاوبەشی تاکەکانی کۆمەڵگە، هەر چەندەش زمانی کوردی ساڵانی ساڵ لە لایەن دوژمنانییەوە تووشی نکوڵی لێکردن و دژایەتی و چەندان وەرچەرخانی تراژیدی لەوانەش قەدەغەکردنی ئاخاوتن بووەتەوە، بەڵام بە هەوڵی بەردەوامی ڕووناکبیران و قوربانی ڕۆڵە دڵسۆزەکانی، توانی ناسنامەی خۆی بپارێزێت و وەک قەڵایەکی پۆڵایین دژی ڕەشەبای دوژمنانی بوەستێت.

لە بارەی بایەخی ئەو یاسایەی کە لە ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق لە کانوونی دووەمی ٢٠١٤ دەرچووە، زمانی کوردی و عەرەبی بە یەکسانی تەماشا دەکات، بەڵام کورد تا چەند دەتوانێت سوود لەو یاسایە وەرگرێت بۆ یەکخستن و پێشخستنی زمانەکەی لە هەرێمی کوردستان و ناوچە دابڕاوەکان، تەنانەت ئەو ناوچانەش کە ڕێژەیەکی زۆر لە کوردانی فەیلی لە ناوەڕاست و باشووری عێراق جێنشینن، بێ گومان ئێمە دەتوانین سوود لەو یاسایە وەربگرین، ئەویش لەسەر بنەمای کۆمەڵێک هەنگاوی گەورەی پراکتیکی، لەوانەش هەوڵی جیددی بدرێت کە لەسەر ئاستی هەموو کوردستانی باشوور، زمانی کوردی بکرێتە زمانی ستاندارد و بە زمانی ڕەسمی و پەروەردەی ئەو هەرێمە، هاوکات بایەخ بە شێوەزارەکانی دیکەش بدرێت و ڕێگە لە خوێندن و نووسینی نەگرین، بە تایبەت لە بواری ئەدەبیات و ڕاگەیاندن و چاپەمەنییەوە، نەک دوو دیالێکت کە لە واقیعدا دەبینین لە هەردوو ناوچەی سۆران و بادینان کاری پێ دەکرێت، چونکە لەم قۆناغەدا دەکرێت ئەو زمانە ستانداردەی کە چەندان ساڵە لەسەر ئاستی پەروەردە و خوێندن و چاپەمەنی و ڕاگەیاندندا خزمەتی زۆری پێ کراوە، بکرێتە بناغەیەکی پتەو بۆ زمانی یەکگرتووی کوردی و کێشەی جووت ستانداردی و فرەیی چارەسەر بکات، دیارە بایەخی ئەو بە ڕەسمی ناساندنەش کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر کورد و ڕەوشی زمانی کوردی لە بەشەکانی کوردستان کە هێشتا بە ڕەسمی لە لایەن دەوڵەتەکانەوە ددانیان پێدا نەنراوە.

هەر بۆ وەبیرهێنانەوە لە دانیشتنی سێ شەممەی ڕۆژی ٧ کانوونی دووەمی ٢٠١٤ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر پرۆژە یاسای زمانی ڕەسمی وڵات دەنگی دا کە زمانی کوردی و عەرەبی بە دوو زمانی ڕەسمی وڵات دەناسێنێت، بە پێی یاساکە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی بە دوو زمانی ڕەسمی وڵات دادەنرێن، لە وتار و کاروباری ڕەسمی دەوڵەت و فەرمانگەکان، عەلی شەلا سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند، ئەندامانی لیژنە و لیژنەکانی دیکەی پەرلەمانی ئەمڕۆ بە ڕەسمی زمانی وڵاتیان لە عێراق دەستنیشان کرد، وەک دەزانن عێراق وڵاتێکی خاوەن شارستانییە و پێمان وایە ئەو یاسایە هۆکاری هێز و فراوان بوونی شارستانیەتەکانی عێراقە بە درێژایی مێژوو، بە وتەی شەلا جێبەجێ کردنی یاسای زمانی ڕەسمی وڵات، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە عێراق وڵاتی دیموکراسییە و بە کردار ڕێز لە سەرجەم پێکهاتە جیاوازەکانی دەگرێت، پرۆژە یاسای زمانی ڕەسمی وڵات کە ماوەی چەند مانگێکە خوێندنەوەی یەکەم و دووەمی بۆ کراوە و بە یاسای سەرجەم پێکهاتە جیاوازەکانی گەلانی عێراق هەژمار دەکرێت، پێشتر لەلایەن چەند لایەنێکی سیاسی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕێگریی لێ دەکرا دەنگدانی لەسەر بدرێت، ئەویش بە هۆی ئەوەی کە دەنگی کورد لەپاڵ دەنگی عەرەبی بە زمانی ڕەسمی وڵات داناوە.

دیارە پرۆژە یاساکە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە

خۆدەگرێت و ئەو ناکۆکی و کێشانەش دەخاتە ڕوو کە لە کاتی دەنگدانەکەدا هاتووەتە ئاراوە و ئاماژەش بۆ ئەو سوودانە دەکات کە لە ڕێگەی ئەو قانوونەوە بە گەلی کورد دەگات، "لە دوایین دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا و دوای هێنان و بردنێکی زۆر، توانییان قانوونی زمانە فەرمییەکان دەربچوێنن و دەنگی لەسەر بدرێت، لە کاتێکدا ماوەی هەشت ساڵە ئەو قانوونە لە نێو ئەنجوومەنی نوێنەراندایە و ناهێڵن تێپەڕێت، خولی پێشوویش هەوڵیان دا ئەو قانوونە دەربچوێنن، بەڵام نەیانتوانی، لەم خولەشدا بە قورسی و نەشتەرگەری قەیسەری توانییان ئەو قانوونە تێپەڕێنن، پێشتر دووجار خرابووە دەنگدانەوە و نەیانهێشت تێپەڕێت و ئەمەشیان جاری سێیەم بوو ڕۆژی شەممەی ڕابوردووش لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان داوایان کرد کە ئەو قانوونە بخاتە نێو کۆبوونەوەکانەوە و لە دوایین دانیشتندا خرایە نێو کۆبوونەوەکانەوە و دوای گفتوگۆیەکی زۆر، بە قورسی توانییان قانوونەکە تێپەڕێنن، مەبەستیش ئەوەیە ژمارەی ئەوانەی دەنگیان بە ماددەکان دەدا، زۆر نزیک بوو لەوانەی کە بە نەخێر دەنگیان دا، بەڵام لە بەرژەوەندی نوێنەرانی کورد تێپەڕی، ئەگەرچی لە (١٨) ماددەدا، دوو ماددەیان لەو هەموارکردنەوانەدا نەبوون کە دایانڕشتبوون، بەڵام گەڕانەوە بۆ دەقی قانوونە ڕەسەنەکەی ئەو دوو ماددەیە کە حکومەت کاتی خۆی بۆی دانابوو، بەشێوازێکی گشتی قانوونێکی باش بوو، ڕاستە لە سەدا سەد لە ئاستی خواستی کورددا نییە، بەڵام تارادەیەکی باش پەسند دەکرێ، بۆیە سەرۆکی هەرچوار کوتلە کوردستانییەکە، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسییان سازکرد و پیرۆزبایی و خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی".

### یاسای زمانە لۆکاڵییەکانی عێراق

ئەم قانوونە بۆ یەکەم جارە لە مێژووی عێراقدا هاتووە لە دوای قانوونی مەحەلی زمانە ڕەسمییەکان، ناوی قانوونەکە ئەمەیە: (قانون اللغات المحلية) ساڵی ١٩٣١ کە لە سەردەمی مەلەکیدا دەرچووە و دوای ئەوەش ئەمە یەکەم جارە قانوونێک بە ناوی قانوونی زمانە ڕەسمییەکان دەردەچێت، ڕاستە لە ماددەی (١٤) ئاماژەی بۆ کردووە، بەڵام بنەمای دەستووری ئەگەر بەقانوون ڕێک نەخرێت کە خودی ماددەی چواری دەستوور دەڵێت، پێویستە مەسەلەی قانوونی زمانە ڕەسمییەکان بە قانوون ڕێک بخرێت، ئەگەر ئەو قانوونە دەرنەکرێت، ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەو قانوونە وادەکات بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە و حکومەت ناچار بکات کە جێبەجێی بکەن و لە دوای (٩٠) ڕۆژ دەبێت لە داوودەزگاکانی حکوومەت و ئەو شوێنانەی کە لە قانوونەکەدا ناویان هاتووە دەست بەجێبەجێ کردنی بکەن"، سوودێکی قانوونەکە ئەوەیە دەبێتە هۆی دامەزراندنی دەیان و سەدان کەس لە داوودەزگاکانی دەوڵەت لە هاوولاتیان، چونکە پێویستی بە وەرگێڕ دەبێت بۆ کۆمەڵێک دوکیۆمێنت، بە پێی ئەو قانوونە لە نێو پەرلەمان و ئەنجوومەنی فیدراڵ و دادگای باڵای فیدراڵی و ئەنجوومەنی وەزیراندا هەمووی زمانی کوردی و عەرەبی تێدا بەکار بهێنرێت و بە ڕەسمی لە هەموو بڕیار و قانوونێکدا بە زمانی کوردیش بنووسرێت، تەنانەت ڕاگەیاندنی ئەو دەسەڵاتانەش وەک هەموومان دەزانین دەسەڵاتەکان وەک پەرلەمان و دادوەری و ئەوانی تریش ڕاگەیاندنیان هەیە و لە سایت و ڕۆژنامە و میدیاکان دەبێت بە هەردوو زمان بێت.

لە ماددەیەکی ئەم قانوونەشدا هاتووە و دەڵێت ئامانجی ئەم قانوونە ئەوەیە کە گرەنتی یەکسانی لە نێوان زمانی کوردی و عەرەبی لە ڕووی ماف و ئەرکەوە ڕابگرێت کە بۆ یەکەم جارە قانوونێک ئەم قسەیە بکات"، ڕوونیشی کردەوە "ئەو دوو ماددەیەی کە دەنگی پێ نەدرا، ئەوە بوو کە داوا کرا بوو زمانی کوردی لەسەرتاسەری عێراق بخوێنرێت، ئەو ماددەیە ڕێگەیان پێ نەدرا تێپەڕێنرێت، دواتر لەلایەن لیژنەی پەروەردەوە ئەو ماددەیە تاووتو دەکرێت، چونکە ئەوان پێیان قورس بوو ئەو کارە بکرێت و پێویستی بە توێژینەوەی زیاترهەبوو، ماددەکەی تریش ئەو ماددەیەیە کە لە بارەی هەموارکردنەکە بوو کە ئێمە کردبوومان، ئەوەش بە شێوەیەک بوو بە وردی باسی لەوە کردووە کە لە چ شوێنێکدا زمانی کوردی بە کاربهێنرێت، وەک تابلۆکانی هاتوچۆ و فڕۆکەخانەکان و بلیتی فڕۆکەکان و ناوونیشانی وەزارەتەکان و ڕەگەزنامە، ئەمانە بە وردی باسیان لێوەکراوە، دەمێنێتەوە ئەوە بڵێین کە لە ئێستا و داهاتوویەکی نزیکدا دەزگا ئەکادیمییەکان و ڕۆشنبیرییەکانی هەرێمی کوردستان زیاتر بایەخ بە شارەزا و پسپۆڕەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات بدەن، بە

سـازدانی کـۆنگره و سـیـمـیناری زانسـتی بۆ لێک نزیککردنەوەی دیالێکتە سەرەکییەکانی زمانی کوردی و دانانی قـامـووسی هاوبەشی شـێـوەزارە جیـاوازەکـان و پاککردنەوەی زمانەکەمان لە ژێر کاریگەری و باندۆری زمـانە بیـانـیـیـەکـان، بەتـایبـەتی عـەرەبی و فـارسی و تورکی، هەروەها ڕێککەوتن لەسەر زمانێکی ڕەسمی و ستـاندارد بۆ هەمـوو گەلی کوردستـان، بۆ ئەوەی لێرەدا خزمەتی زێتر بە گەل و نیشـتمان بکەن، هەروەها خولی ڕۆشنبـیـری ڕێکخـراوەکـانی زمـانناسی بۆ پەرەپێـدانی زمـــانی کـــوردی بەردەوام بێت و پســـپـــۆڕانی لایەنە کـێـشـەدارەکـانی زمـانی کـوردی دەوڵەمـەند بکەن و حکوومەت پاڵپشتی زیاتری ئەم جۆرە پرۆژە زانستیيانە بکات.

هاوکـات بەم دواییـە لە هەوڵێکدا لە لایەن دەوڵـەتی ئێـرانەوە، بە پشت بەستن بە مـاددەی ١٥ دەسـتـووری بنەڕەتی ئێـران، پرۆژەیەک لەبارەی پەروەردە و خوێندنی زمانی زگماک (زمانی کەمینە نەتەوەکانی ئێران) گەڵاڵە کرا، مخابن فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی فارسی، بە زۆرینەی دەنگ فێرکردنی زمانی زگماکی لە ئێران ڕەت کردەوە و ئەو مـەسـەلەیەی وەک پیلانێک دژ بە زمـانی فارسی لە قەڵەم دا.

محەممەدعەلی موەحید ئەندامی "فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی فـارسی"، لە کـۆبوونەوەی دامـەزراوەکـەدا، دژکردەوەی توندی بەرانبـەر بە بەڵێنی دەوڵەتی ڕوحـانی بۆ ڕێگەدان بە فـێـرکردنی زمانی زگـمـاکی نیشـان دا و گـوتی: "ئێـمە زمـانێکی ستـانداردمـان هەیە کە زمـانی فەرمییە (مەبەست فارسی)، با دەوڵەت دەست لە دۆزی فێـرکردنی زمانە خۆجێییـەکان وەرنەدات". بە گـوێرەی هەواڵدەری مێهر، "محەممەد دەبیر موقەدەم"، ئەندامێکی دیکەی فـــەرهەنگســـتـــانی ئـامـــاژەپێکراو، وێڕای ڕەتکردنەوەی پرۆژەی فـــێـــرکـــردنی زمـــانی نەتەوە بندەسـتـەکـانی ئێـران، تەنیـا توێژینەوە و لێکۆڵـینەوەی زانستی لەسەر زمانە "خۆجێییەکان" بە گرنگ وەسف کرد و گوتی کە "ئەوەندە بەسە".

"فـەتحـوڵڵا مـوجـتـەبایی"، ئەندامـێـکی تری فەرهەنگستـان، بابەتی "فێرکردنی زمانی زگمـاکی" بە پیلانێک دژ بە زمانی فارسی لە قەڵەم دا و "غولامعەلی حەداد عادل"، سەرۆکی فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی فـارسـیش، زمـانی فـارسی وەک سـەرمـایەی نەتەوەیی پێناسـەکـرد و هۆشـداری بە دەوڵەت دا کـە نەکـا ئەو سەرمـایە نەتەوەییـیە بۆ سەرکەوتنی کـاتی و بێ سـوود سـەرف بکات، دژایەتیکردنی فـەرهەنگسـتـانی زمـان و ئەدەبی فارسی سەبارەت بە ئەگەری ڕێگەدان بە خوێندنی زمانی کوردی، تورکی و باقی زمانە نافەرمییەکانی ئێران لە کـاتێکدایە کـە هەر لە کـۆبوونەوەکـەدا کـۆمـەڵێک بەرنامـە بۆ پەرەپێـدانی هەرچی زیاتری زمـانی فـارسی خرایە بەر باس، بۆ نموونە فەرهەنگستـان بە نیـازە چەند کـاتژمـێـری تر لە بەرنامـەی هەفـتـانەی خـوێندکـاران بە فێربوونی باشتری فارسی لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێب و نووسینی ئینشا تەرخان بکات، سەدان وشەی بە گوتەی ئەوان "بێگانە"لە ناوەرۆکی کتێبە دەرسییەکان بسڕێنەوە و وشـەی "فـارسی"یان لەجـێـگە دابنێن و لە ڕێگەی دامـەزراوەیەکی تر بەناوی "بنیادی سەعدی"یەوە پەرەی زیاتر بە فـێـرکـردن و گـەشـەسـەندنی زمـانی فـارسی لە دەرەوەی ئێران بدات.

ئەو هەڵوێسـتـەی فـەرهەنگسـتـانی زمـان و ئەدەبی فارسی دژ بە زمانی زگماکی باقی نەتەوەکانی ناو ئێران لەکاتێکدایە کە کاربەدەستانی دەوڵەتی حەسەن ڕوحانی، لەم دواییـانەدا، باسـیـان لە ئەگـەری مـۆڵەت پێـدانی سنوورداری پەروەردە و فـێـرکردنی زمـانە زگـمـاکـییـەکـان دابوو، بەڵێنەکـە کـە سـەرەڕای گـونجـانی لە دەسـتـووری بنەڕەتی ئێـراندا، لە سـەرەتای هاتنە سەرکـاری کـۆمـاری ئیسلامی پشتگوێ خراوە، بگرە هەر کەس ئەو خواستەی هێنابێتە سەر زمان وەک "جیاییخواز"، "نەتەوەپەرست" و...تاد نـاسـانـد، دیارە ئـامـانـجـیـش لەوەی کـە فەرهەنگستانی ئێران بەکارهێنانی زمانی زگماک قەدەغە دەکات، تواندنەوەی زمانەکانی گەلانی ڕەسەنی ئێرانە، بەتـایبـەتیش زمـانەکـانی کـوردی و بلوچی و گـیلەکی دەکـەوێتـە بەر شـاڵاوی نکوڵی لێکردن و توانەوەوە، چونکە تاڕادەیەک ئەم دژایەتیکردنە کـاریگەریـیـەکی ئەوتۆی لەسەر زمانی نەتەوەکانی وەک عـەرەب و تورکە ئازەرییەکان نابێت، ئەویش سەبارەت بەوەی کە ئەو دوو نەتەوەیە خـاوەنی قـەوارەی سـیـاسی خـۆیانن و لە وڵاتەکانی خۆیاندا دەمێکە زمانەکەیان بووەتە فەرمی و کاری پێ دەکرێت، هەر ئەم هۆکارەشە کە دەوڵەتی ئێران زمـانی فـارسی دەکـات بە زمـانی باڵا دەست و ڕەسـمی وڵات.

بارودۆخی زمـانی کـوردی لە کـوردسـتـانی بندەسـتی

تورکیا و سووریا کە نزیکەی سەدەیەکە زۆر بە بەرنامە و ئەجیندای تایبەتەوە دژایەتی کراوە، تاڕادەیەکی زۆریش ئاسمیلە کراوە، زمانی کوردی لەو دوو وڵاتەدا لە ڕەوشێکی تراژیدیدایە، تەنانەت هەبوونی ئەلفابێتایەکی جیاواز زیانێکی زۆری بە زمانی یەکگرتووی کوردی گەیاندووە، ئەمە وای کردووە کە هاووڵاتیانی ناوچە جیاوازەکان بە زەحمەت لەیەکتر حاڵی بن، تەنانەت لەسەر ئاستی ئیلیتی خوێندەوار و ڕۆشنبیرانیش لەیەکتر نەگەن و بەرهەمە ئەدەبی و هزرییەکانی یەکتر نەخوێننەوە.

ئێمە دەزانین لەسەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیای نوێ لەسەر دەستی ئەتاتورک، بە یاسا زمانی کوردی قەدەغەکرا، تەنانەت چەندان بەڵگە و دوکیۆمێنت هەیە کە چۆن دەیان تاکی کورد لەسەر قسەکردن بە زمانی کوردی سزای دارایی، یان بەندکردن، تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا بەڵگە هەن خەڵک لەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردی کوژراون و سزای قورس دراون، هەڵبەتە ئەمە بۆ ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای کوردستانیش هەروابووە، تەنانەت لە سەردەمە جیاوازەکانی دەسەڵاتی ڕەگەزپەرستی عەرەبی سووریا و عێراقیشدا زمانی کوردی دووچاری هەمان کارەسات بوو، لە مەسەلەی بەعەرەبکردنی بوارەکانی پەروەردە و فێرکردندا، بەتایبەتیش لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان وەک کەرکووک، خانەقین، مەندەلی، مەخموور، شار و شارۆچکەکانی پارێزگای نەینەوا، هەروەها کووت و عیمارەی فەیلی نشین کە بەسەدان هەزار کوردی لێ بە عەرەب کراوە و بەزۆر کۆچیان پێ کراوە. پاشەڕۆژی زمانی کوردی بەم هەموو شێوەزارانەوە، بەتایبەتیش هەردوو شێوەزاری کرمانجی باکوور و باشوور، ئەگەر لە داهاتوویەکی نزیکدا کاری جیدی و دڵسۆزانەی بۆ بە یەکگرتووکردنی بۆ نەکرێت و لەسەر ئاستی کەسانی شارەزا و پسپۆڕ و دوور لە دەمارگیری ناوچەگەری چی دەبێت و بە کوێ دەگات؟

## زمانی کوردی وەک زمانی دایک

ڕێکەوتی ٢/٢١ ی هەموو ساڵێک وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، لەلایەن ڕێکخراوی یۆنسکۆی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دیاری کراوە، ئەم ڕێکخراوە لە کۆنگرەیەکیدا لە مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٩٩٩، ئەو ڕۆژەی وەک ڕۆژی جیهانی زمانی دایک ناساندووە، لە ساڵی ٢٠٠٠ بۆ یەکەم جار ئەم ڕۆژە مێژوویی و جیهانییە یادی کرایەوە، یۆنسکۆ هۆکاری هەڵبژاردنی ڕۆژێکی جیهانی بۆ (زمانی دایک)، بۆ هاوکاریکردنی فرەچەشنی و فرەڕەنگی زمان و کولتوورەکان گەڕاندەوە. هەر لەم ڕوانگەیەوە، کۆمەڵەی گشتی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ساڵی ٢٠٠٨ی وەک ساڵی جیهانیی زمانەکان دەستنیشان کرد، مخابن هێشتا لە بەشەکانی دیکەی کوردستان زمانی کوردی وەک زمانی دایک بە فەرمی نەناسێنراوە، منداڵی کورد ناچار دەکرێت بە زمانی نەتەوەی سەردەست بخوێنێت.

## بە بۆنەبوونی ئەم ڕۆژەی ناونراوە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک

یۆنسکۆ لە ساڵی ١٩٩٩ بڕیاری دا ٢١ی شوبات کە بەرانبەرە بە ٢ی ڕەشەمە، ببێتە "ڕۆژی نێونەتەوەیی زمانی دایک International mother language day".

ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک هەموو ساڵێ لەلایەن دەوڵەتانی ئەندام لە یۆنسکۆ، لە نووسینگەی سەرەکی یۆنسکۆ بۆ پاڵپشتی زمانی و فەرهەنگی و هەمەچەشنیی زمانی لە پاریس یادی دەکرێتەوە. زۆر لە ساڵەکان ناودێر کراون، بۆ نموونە، ساڵی ٢٠٠٨ ناو نرابوو بە: "ساڵی نێونەتەوەیی زمان"، ساڵی ٢٠١٠ بە "ساڵی نێونەتەوەیی نزیکبوونەوەی فەرهەنگەکان" ناودێر کرابوو.

ئەم ڕۆژە لە لایەن چین و توێژە جۆربەجۆرەکانەوە یادی دەکرێتەوە، لە قوتابخانە و خوێندنگەکان، لە کتێبخانەکان و بنکەکانی چالاکی فەرهەنگی و کۆڕ و کۆمەڵی ئەدەبی و وێژەیی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک و هەندێ شوێنی تر وەکو بۆنەیەک ڕێزی لێ دەگیرێ، لەو ڕۆژانەدا گۆرانی دەوترێ، سەما و هەڵپەڕکێ دەکرێت، هۆنراوە و هەڵبەست دەخوێنرێتەوە، قسە لەسەر مێژوو و بۆنەی سەرهەڵدانی ڕۆژی زمانی دایک دەکرێت، باس لە گرنگی زمانی دایک دەکرێت.

زیاتر لە ٧٠٠٠ زمان لە دنیادا هەن، مەزەندە دەکرێت تا کۆتایی ئەم سەدەیە نزیکەی ٩٠٪ی ئەو ٧٠٠٠ زمانە لەنێو بچن، بۆیە خەریکن پلان دادەنێن کە چی بکەن تا پێش لەو کارەساتە بگیرێت، ئەم ڕۆژە جگە لە یۆنسکۆ و وڵاتانی ئەندامی، لەلایەن قوتابخانە و خوێندنگەکان،

کتێبخانەکان، کۆڕ و کۆمەڵە هونەری و ئەدەبییەکانیشەوە ڕێزی لێ دەگیرێ.

### بایەخی زمان لە ژیانی هەر نەتەوەیەکدا

زمان کۆڵەگە و بنەڕەتی نەتەوە و نەتەوەسازییە، فاکتەرێکی هەرە سەرەکی مانەوە و لەناوچوونی نەتەوەکانە، لە هەمان کاتیشدا ڕەهەندێکی سەرەکی پێکهاتنی ناسنامەی نەتەوەییە. لە سەدەی حەڤدەم بەدواوە کە دەستپێکی سەردەمی مۆدێرنیتەیە، زمان وەک یەکەم توخمی پێکهێنەر و ڕێکخەری هەر نەتەوەیەک چاوی لێ کراوە، هەرچۆنێک بێت زۆرن ئەو زمانانەی کە لەو سەردەمەدا بە هۆی بایەخ نەدان و هۆکاری سیاسییەوە لەناوچوون و بە کارهێنەرانی ئێستاکە بە زمانی نەتەوەیەکی تر قسە دەکەن، بۆ نموونە لە فەڕەنسا، ئەو زمانەی ئێستاکە هەموو کەس قسەی پێ دەکەن پێش سەردەمی مۆدێرن تەنیا ١٣٪ خەڵکی فەڕەنسا بەکاریان هێناوە، ڕاستییەکەی نەتەوەی فەڕەنسی بەشێکی زۆری لەسەر ئەو ١٣٪ پێکهاتووە، جێگەی سەرنجە ئەو شێوازە بووە بە مۆدێلێک کە بە مۆدێلی فەڕەنسی دەناسرێت.

### ئامارەکانی زمان

ئێستا لەدنیادا نزیکەی ٧٠٠٠ زمان هەن، هۆکاری سەرەکی کە ناکرێ ئامارێکی ورد لەو بارەیەوە بڵاو بکرێتەوە ئەوەیە کە سنوورەکانی نێوان زمان و دیالێکت لە زۆر شوێندا بە تەواوی ڕوون نین، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، ئەو ڕاستییە لە جێگەی خۆیەتی کە زمان لە پرۆسەیەکی مێژووییدا بووە بە بەشێک لە سروشتی مرۆڤ، تەنانەت دیارترین هێڵی جیاکردنەوەی لە زیندەوەرانی دیکەش، کەواتە بە دەربڕینێک دەتوانین بڵێین کە زمانی زگماکی لە سروشتیترین داهێنراوەکانی مرۆڤە، لەوانەیە هیچ دەستکردێکی دیکەی مرۆڤ هێندەی زمان لە سروشتی مرۆڤەوە نزیک نەبێت.

پییەر بۆردیۆ فەیلەسووفی بنیادگەرای فەڕەنسایی لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسییەکانیدا قورساییەکی زۆر بە زمان وەک سەرمایەیەکی ڕەمزی دەدات و بە پێکهێنەرێکی سەرەکی هێز لە مەیدانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا دەیناسێنێ، ئەو پێی وایە کە زمان تەنیا هۆکاری پێوەندی بە یەکەوەکردن نییە، بەڵکو بەستێنێکی سیاسیشە بۆ یەکلایی کردنەوەی ململانێکانی هێز و دەسەڵات کە لەوێدا تاکەکان بە دوای بەرژەوەندی خۆیاندا دەگەڕێن، پرسیاری سەرەکی لێرەدا واتای ئاخاوتن و دەربڕین نییە، بەڵکو پرسیار لەسەر ئەوەیە کە ئاخاوتن و دەربڕین چ هێز و قورساییەکیان هەیە، سەرنجی خوێنەر لەسەر ڕەوانبێژی و توانایی قسەکردن دەگوازێتەوە بۆ سەرنج لەسەر سەرمایەی ڕەمزی وتەبێژ کە پێگەی ئەو لە بنیادی کۆمەڵایەتیدا دیاردەکات، واتە زمان لەنێو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بیچم دەگرێ، نەک وەک ئامرازێک بۆ پێوەندی پێکەوەکردن، ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە زمان ڕەمزێکە کە لە ڕێگەی قسەپێکەرەکانییەوە دانی پێدا دەنرێ و لەو ڕێگەیەوە هێز و دەسەڵات بە تاک و گرووپ دەبەخشێ، واتە زمان لە نێوەندی دەسەڵاتدایە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە مرۆڤەکان لە ڕێگەی ئەزموونە دەرەکییەکانی خۆیانەوە بە دنیای دەرەوە هەست دەکەن و لە ڕێگەی زمانەوە پێوەندی لەگەڵ ئەو دنیایە دروست دەکەن، ئەزموونە دەرەکییەکان ئەو سەرمایە سیمبۆلیکیانەن کە هەژموون بە دەسەڵاتی زمان دەدەن، ئەگەر گرووپێک دەرفەتی وەسەریەکنانی سەرمایەی سیمبۆلیکی بۆ ڕەخسابێت، ئەوە لە زمانیشدا هەژموونی هەیە، ئەو سەرمایەیە دەکرێ پلەی بەرزی خوێندن، پێگەی سیاسی و ئابووری بێ کە زمانی قسەکەر دەباتە نێوەندی دەسەڵاتەوە.

تیۆرییەکەی بۆردیۆ بەرچاوڕوونییەکی باشمان دەداتێ تا بتوانین لە لایەکەوە لە بایەخی خوێندن بە زمانی دایک تێ بگەین و لە لایەکی دیکەشەوە لە پیلانەکانی سیستمێک ئاگادار بین کە دەرفەتی خوێندن بە زمانی دایک لە نێوەندەکانی خوێندندا نادا، بۆ نموونە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، سەرەڕای بە فەرمی ناساندنی زمانی کوردی لە پەرلەمانی عێراق کە ڕێگە بە خوێندنی زمانی دایک لە قوتابخانەکان دەدات، بەڵام بە پراکتیکی نەک هەر ئەو دەرفەتە نەڕەخساوە، وەک پرۆژەیەک کە هیچ کات وەک پێویست جێبەجێ نەکراوە بە منەتەوە بە چاویاندا بدرێتەوە، ئەگەر بە پشتیوانی لە ڕوانگەی بۆردیۆشەوە لە هۆکارەکانی پراکتیزە نەکردنی بەندێکی ئاوا، یان لەبنەڕەتەوە هەقی خوێندن بە زمانی دایک بکۆڵینەوە، ئەوە دەبێ بڵێین کە هۆکاری یەکەم ئاگادار بوونی ڕژێم لەو سەرمایە ڕەمزییەیە (زمان) کە هەژموون و پێگەی گرووپێک دەباتە سەرێ و هێز و

دەسـەڵاتی پێ دەبەخشێ و لە کێشـمەکێش و ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا پارسەنگەکە بە لای خۆیدا دەکێشـێـتـەوە، لە ڕوانگەی تارانەوە (یەک زمـانی) لە خوێندندا یەکگرتوویی و ئاسـایشی مـیللی دەپارێزێ و دەوڵەت بە بەهێزی دەهێـڵـێـتـەوە، واتە سنووردارکـردنی زمـان لە نووسین و ئاخـاوتندا دەبێـتـە سنووردارکـردنی بەکاربەرەکانی ئەو زمـانەش لە پشکداربوونیـان لە کـایە سیاسی و مەدەنی و ئابوورییەکاندا، خوێندن بە زمانی زگـمـاکی، یەکگرتوویی و هاوپێـوەندی لەنێـوان ئەندامەکانی نەتەوەیەکدا بەهێزتر دەکـات و ئەو ستەمە مێژووییەی کە کوردەکانی بەسەر چەند وڵاتێکدا دابەش کـردووە، لاوازتر دەکات، منداڵێک کـە یەکەم ڕۆژەکـانی خۆی لە قـوتابخـانە دەست پێ دەکـات و تـا ئەوکـات، لە ڕێگەی زمـانی دایک دنیـای دەرەوەی خـۆی ئەزمـوون کـردووە و نـاسـیـویەتی، لە پڕێکدا بە سـەر بنیـادێکدا دەکـەوێ کـە زمـان دەکـاتە بەربەسـتـێک بۆ هاتنە نێـو سیستمی پەروەردەوە، دەبێ تووشی چ ڕاچڵەکینێک بێ و چەندە توانایی و کاتی خۆی هەر بۆ ئەوە تەرخان بکات کە جارێکی دیکە بتوانێت لە ڕێگەی زمانێکی دیکەوە دنیـای دەرەوەی خۆی ئەزموون بکاتەوە. ئەوە بێجگە لە هەموو ئەو بەربەستە سیاسی و ئابوورییانەی لە درێژەی خوێندندا دێنە پێش خوێندکارێکی کورد.

بۆردیۆ بە ڕوونی باس لەو ڕۆڵە پارۆدۆکـسـیـکاڵەی سیستمی پەروەردە دەکا کە چۆن دەرفەت بە کۆمەڵێک دەدات سـەرمـایەی فـەرهەنگی خـۆیان ببـەنە سـەرێ و کۆمەڵێکیش بێبەری بکرێن و بخرێنە پەراوێزەوە، کەوایە زمان ڕۆڵێکی گرینگ و نیوەندگەرا لەیەکلایی کردنەوەی پرسـەکـاندا دەگـێڕێ و هێـز لە زمـاندا بە مـانای هێـز لە مـەیدانەکـانی سـیـاسـەت و دەسـەڵاتدایە، هەر لەو سۆنگەیەوە زمـانی زگـمـاکی لە گـوتاری ناسنامـەخـوازی کـوردیدا قـورسـایی خـۆی هەیە، سـەرەڕای هەمـوو ئەو بەربەستانەی لە ئاست خوێندنی زمانی زگماکیدا هەیە، چالاکـوانان، ڕۆشنبـیـران و ئەدیبـانی کـورد لە ڕێگەی کردنەوەی کـۆمـەڵێک نێـوەند هەم لە شارەکـان و هەم بە شێوەی ئۆنلاین هەوڵی فێرکردنی زمانی زگماکییان بە نەوەی نوێ داوە، بەڵام بێـبـەری کـردنی خوێندکـاران لە خوێندن بە زمانی دایک بە شێوەیەکی دامەزراوەیی و لە ڕێگەی سـیـسـتـمی پەروەردەوە، بێـبـەش کـردنیـانە لە وەسەریەکنانی سەرمایەی فەرهەنگی و هاوکات بەرینتر بوونی ئەو کـەلێنەی کـە لەنێـوان ژیانی ڕۆژانەی خوێندکارێک و خوێندنگاکەیدا هەیە، زۆرن ئەوانەی کە لەگـەڵ یەکـەم ڕۆژی دەسـتـپـێکردنی خـوێندندا لەگـەڵ دنیایەکی نەناسراو بە ئەزموون و زمانی خۆیان ڕووبەڕوو دەبنەوە، بۆ زۆر لەوانە یەکـەم جـارە کـە لەگـەڵ دامەزراوەیەکی حکوومی بە شێوەی ڕاستەوخۆ دەکەونە پێوەندییەوە و دەست و پەنجە لەگەڵ دنیایەکی نەناسراو و بێگانەدا نەرم دەکـەن، پێـوەندییـەک کـە هەر لە یەکـەم وەبەریەککەوتنـدا ئامـاژە بـە ناتەبایی، هەڵاواردن و چەوساندنەوە دەکات.

## سیستمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان

سـیـسـتـمی پەروەردە لە هەرێمی کوردسـتـان ئەگـەرچی تەمـەنێکی درێژی هەیە و لە پـیـڤـاژۆیە جـیـاوازەکـانی پەروەردە لە دەوڵەتی عـێـراقـدا و تاڕادەیەک لە هەردوو پارێزگـای هەولێـر و سلێـمـانی و هەندێک کـاتیش لە پارێزگای کەرکووک و دهۆکیش، سەرباری دژایەتی کردن و پەراوێزخـسـتنی، پچڕ پچڕ خـوێندن و فـێـرکـردن تا قـۆناغی ئامـادەیی بە زمـانی دایک بـووە، ئێـسـتـا لە کوردسـتـان پەروەردە سیسـتمێکە و تا ڕادەیەک ناکۆکی لەگـەڵ بەها و پرەنسـیـپـەکـانی پەروەردەی جـیـهـانی هاوچەرخـدا نیـیـە، لە ڕووی ڕێگەدان بە خـوێندن و پەروەردە بە زمـانی دایکەوە، بەڵام سـەبارەت بە چەند هۆکارێک لە هەرێمی کورسـتان سیسـتمی پەروەردەیی بە خراپی بەڕێوە دەچێت، سیستمی پەروەردە لەسەر بنەمای جـیـاوازی ئینتـیـمـای چینایەتی و کـۆمـەڵایەتی بەڕێوە دەچێت و کـار دەکـات، هەر بۆ نموونە دیاردەی هەبوونی خوێندنگا ئەهلییەکان کە لەسەر بنەمای خوێندنی کەرتی تایبەتە بۆ ئەو خـێزانانەی کـە سامـاندارن، دەتوانن بە پێدانی پارەیەکی مۆڵ، زمانێکی بیانی وەک ئینگلیزی بخـوێنن، بەرانبـەر بەوەش لەو جـۆرە خـوێندنگایانەدا خوێندنی زمـانی کـوردی تا ڕادەیەکی باش فـەرامـۆش و پەراوێزخـراوە، هەر بۆیەش لەو ڕەوشـەدا سـیـسـتـمی پەروەردە لەسـەر ئەوە کـار دەکات کـە مـرۆڤـەکـان خۆ لە بیرکردنەوە و داهێنان بپارێزن.

بۆ قـەرەبووکـردنەوەی سـتـەم و زۆر و چەوسـاندنەوەی چەندان ساڵە لەباری زمانییەوە و بۆ بووژاندنەوەی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردسـتان کە بێ گومان کـار دەکاتە سەر پارچەکانی تریش، پێـویسـتـیمان بە کـاری چڕوپڕ و

بایەخدانە بە زمانی کوردی، بە تایبەت بە زمانی دایک، ئەم بایەخدانەش پێویستییەکەی تەنیا بۆ بواری سیاسی ناگەڕێتەوە، چونکە ئاخافتن و خوێندن بە زمانی کوردی بۆ هەر منداڵێک پێویستییەکی سەردەمییانەیە و بە پێچەوانەشی کار دەکاتە سەر دەروون و کەسایەتی ئەو منداڵە، سەرباری هەبوونی پرۆگرامەکانی خوێندن بە زمانی کوردی لە شارەکانی هەرێمی کوردستان، تەنانەت هەندێ لە ناوچە دابڕێنراوەکانی وەک کەرکووک و خانەقین و مەخموور... تاد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زمانی کوردی دووچاری دوو لەت بوون هاتووەتەوە سەبارەت بە ڕەسمی خوێندنی دیالێکتی کرمانجی باکوور (بن لەهجەی بادینی بەتیپی عەرەبی) لە دەڤەری بادینان، کە ئەم ڕەوشە لە بواری پراکتیکدا ئەگەرچی تا ڕادەیەک منداڵانی کورد لەو دەڤەرەدا بە زمانی دایک دەخوێنن، مخابن لە هەمان کاتیشدا دەبێت دان بەوەدا بنێین کە ئەم پرۆسەیە هەنگاونانە بەرەو دابەشبوونی زمانی کوردی بۆ دوو دیالێکتی سەربەخۆ، لە هەمان کاتدا ئەمڕۆ لە هەندێک ناوچەی کوردستانی دابڕێنراو لە هەرێمی کوردستان، دیاردەیەکی دیکە هەیە، کە مەترسی لەناوچوونیان لەباری زمانی و کولتوورییەوە لەلایەن هەندێک بیرۆکەی شۆڤینی و بەرتەسکەوە لەسەرە کە دژایەتی زمانی کوردی دەکرێت، لەسەر ئاستی میتودە پەروەردەییەکانیش کتێبە چاپکراوەکانی زمانی کوردی کۆمەڵێک گرفتیان هەیە، لەوانەش بابەتەکان لە بنەڕەتدا دەقی وەرگێردراون نەک نووسین، بۆیە دەبینین دەقە وەرگێردراوەکان بنیادی زمانیی کوردییان شێواندووە، هەروەها بە هەڵە بەکارهێنانی وشە و زاراوەی بیانی نەگونجاو، ڕەچاونەکردنی سیستەمی ڕێنووس و خاڵبەندی، نەبوونی مامۆستای پسپۆر و شارەزا، ئەم دیاردانە کێشەی بنەڕەتی بەردەم شێواندنی زمانی کوردین، لەمپەرن لەبەردەم بەستانداردکردنی زمانەکەمان.

کورد وەک نەتەوەیەکی کۆن زمانی خۆی هەیە، کە لە چەندان دیالێکت و شێوەزار پێکهاتووە، بەڵام لە چەندان قۆناغی مێژووییدا لەلایەن داگیرکەرانی وڵاتەکەی هەوڵی سڕینەوەی دراوە و جۆرێک لە ئاسیمیلاسیۆنی زمانەکە لە ئارادا بووە، بەڵام پەرچەکرداری کوردیش ئامادە بووە، کە ئەنجامەکەی پاراستنی تایبەتمەندییەکانی ئەو زمانە بووە کە تا ئێستاکە بووەتە زمانی فەرمی لەو حکوومەتەی کە لە باشووری کوردستان پێکهاتووە و بە هەرێمی کوردستان دەناسرێت.

لە جیهانی هاوچەرخدا پەروەردە کاریگەرییەکی گەورەی لە پێگەیاندن و بارهێنانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بینیوە و توانیویەتی ئاستی تێگەیشتنی مرۆڤ بەرانبەر بە ڕەهەند و بابەتە جیاوازە مرۆییەکان بگۆڕێت، بەڵام ئەمە لە کاتێکدایە کە هێشتا لە بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهان سیستەمی پەروەردە و بارهێنان لەژێر دەسەڵاتی زاڵی دەسەڵاتگەلی سەرەڕۆ باڵی بە سەردا گیراوە و ڕێگە لە هەر چەشنە نوێخوازییەک بە ئاراستەی ستاندارده جیهانی و هاوچەرخەکانی پەروەردە و بارهێنان دەگیرێت و لەمپەر و کۆسپی جیددی لەم پێوەندییەش ساز دەکرێت، لەم نێوانەدا هەرێمی کوردستانی عێراق بە جوگرافیایەکی پانوبەرین، کە چەندان نەتەوەی جیاوازی تێدا نیشتەجێن، یەکێک لەو وڵاتانەیە کە خوێندن بە زمانی دایکی وەک مافی مرۆیی و سەرەتایی هەموو تاکێک لە دانیشتوانی نەتەوە جیاوازەکانی دابین کراوە، بۆیە دەکرێت پێناسەی سیستەمی پەروەردە و ڕۆڵی پەروەردە بە زمانی دایکی لە فێربوونی زانست و زانیاری و باڵاکردنی خەونەکانی منداڵ بەدەستەوە بدەن، بەر لە هەموو شتێک دەبێ باس لە ڕۆڵی پەروەردە بە گشتی بکرێت، مخابن ئێستا بەرپرسانی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان بەبیانووی ئەوەی کە زمانی کوردی ستاندار نییە و لە ڕووی پەیڤ و زاراوە زانستییەکان هەژار و کەمدەرامەتە، بە بڕیارێکی نازانستی و دوور لە بەرژەوەندی نەتەوەیی زمانی، پاشەکشەیان بە زمانی کوردی کردووە.

منداڵ کاتێک بۆ یەکەم جار دەچێتە فێرگە، یەکەم پێوەندییەکانی بە جۆرێک بێت کە لێی تێ نەگات، لەوێ بە زمانێک بدوێن کە جیاوازی هەبێت لەگەڵ زمانی دایکی، زۆر سروشتییە کە کاریگەری خراپی لەسەر منداڵەکە هەبێت! لەوانەیە ئەو شوێنەی پێ خۆش نەبێت، هەر چەند ناچارە هەر بچێ و خۆیشی بگونجێنێ، ئەم خۆ گونجاندنە و فێر بوونی زمانێکی نوێ کاتێکی زۆر دەبا لە بەرانبەر منداڵێک کە بە زمانی دایکی خوێندن دەست پێ دەکات، ئەم دژوارییە سەرەتاییە لەوانەیە تا گەورە بوونیش شوێنەواری هەر بمێنێت، منداڵ توانایی کەڵک وەرگرتن لە هەموو تواناییە سرووشتییەکانی خۆی لێ

دەستێنرێ، هەر بۆیە ئەو زیانانەی بە هۆی نەبوونی پەروەردە بە زمانی دایک تووشی منداڵی کورد دەبن زۆر و فرە ڕەهەندن، وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێ کرد بەرگری لە خوێندن بە زمانی دایک گەشەکردنی منداڵ کەم دەکاتەوە؛ تووشی گرفتی دەکات، هەروەها منداڵ کاتێک هەست بەوە دەکات زمانەکەی کە پێناسەیەتی گرینگ نییە، کەوابوو خۆیشی هەست بە کەمایەسی دەکات، ئەوە بە جوانی دیارە، ئەو کەسەی زمانی فەرمی بە جوانی نەزانێ و لەجیاتی ئەوە لەهجەی هەبێت گاڵتەی پێ دەکرێت.

چۆنێتی ڕەفتار و مامەڵەی هەر کۆمەڵگایەک لەگەڵ منداڵاندا، گرنگترین پێوەری پێشکەوتوویی و ئازادیبوونی ئەو کۆمەڵگایە دەردەخات، منداڵان لە هەموو شتێک گرنگترن، پەروەردە و فێرکردن پێناسە بکەین و لایەنە جیاجیاکانی بخەینە بەرچاو و لامان ڕوونبێت، ئەم پرۆسەیە چی لەخۆدەگرێت، پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بە زمانی دایک بریتییە لە پرۆگرامەکانی خوێندن لە هەنگاوە جیاجیاکاندا، قوتابی و مامۆستا و خوێندنگا، کە بە هەموو لایان هاوکێشەیەکی سەنگ پێکدەهێنن، دروستبوون و ڕوودانی هەر جۆرە لاسەنگییەک لەم هاوکێشەیە بێتە پێش، دەبێتە هۆی پەککەوتنی بەشێک و لایەک لە لاکانی دەرگێر لە بەرێوەچوونی ئەم پرۆسەیە. بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە کوردستان لایەنی خراپی زۆر زیاترە تا لایەنە باشەکانی، بەشێکی زۆر لە هەلومەرجەکانی پەروەردەیەکی مۆدێرن و گونجاو لە قوتابخانەکانی ئەمڕۆی کوردستان بەدی ناکرێن.

### پێوەندی ئۆرگانیکی نێوان زمان و وەرگێڕان

وەرگێڕان وەک هۆکارێکی گرنگە بۆ خزمەتکردنی زمانی ستانداردی کوردی، ساڵانە و مانگانە، تەنانەت هەفتانەش، چەندان کتێبی وەرگێڕدراو لە زمانە بیانییەکانەوە بۆ کوردی بەرچڤە دەکرێن، بێ گومان هەیانە شایستەی پەسن و پێزانینن، لێ مخابن هەشیانە شیاوی ئەوە نین نەک هەر بخوێنرێنەوە، بەڵکو تەماشاش بکرێن، چونکە هیچ ڕێسا و یاسایەک و پێوەرێکی وەرگێڕان لەخۆ ناگرن، هەر بۆیەش پرسیارێک لێرەدا خۆی قوت دەکاتەوە، ئایا مەرجە وەرگێڕ لە کاتی وەرگێڕانی هەر دەقێکدا واتای دەقە ئەسڵییەکە بگەیەنێت، یانیش دەشێت بەپێی خواست و مەزاجی خودی خۆی ئەو وەرگێڕانەی کە بۆ خۆی دەیەوێ دەستکاری دەقەکە بکات، وەک کورتکردنەوە، یان ئیختیزالکردن؟ کەوایە ئەدی مەبەست چییە لەوەی کە دەگوترێ وەرگێڕ دەبێ شێوازی دەربڕینی نووسەر بپارێزێت؟

لە کاتێکدا ئێمە دەزانین هەر زمانێک تایبەتمەندێتی خۆی هەیە لە ڕووی سێنتاکس و ئیدیۆم و فۆرمۆلۆژیدا و لە زمانەکەی دیکەی جوێ دەکاتەوە، وەرگێڕ دەتوانێ زمانێکی گونجاو لەگەڵ دەقە ئەسڵەکە بدۆزێتەوە، کە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی بابەتە وەرگێڕدراوەکە دووچاری گرێوگۆڵ و تاسە نەیەت، یان لە کاتی هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەی دروست و خۆشئاوازدا، ئەرکی وەرگێڕی شارەزا چییە؟ ئاخۆ دەشێت وەرگێڕ پەنا بباتە بەر قامووسی وشە و زاراوەی ناوچە و دەڤەرە جیاوازەکان، یان دەقە وەرگێڕدراوەکە پڕ کات لە وشە و زاراوەی بیانی کە ئێستاکە هەندێک لە وەرگێڕەکان لەبەر کەم شارەزاییان، ئەم شێوازە بەکار دێنن! جا ئەگەر ئاوڕێک لەو کتێبە پەروەردەییانەی وەزارەتی پەروەردە بدەینەوە، بە تایبەت کتێبە پیشەییەکان، بەڕاستی کارەساتی زمانی کوردی لەو وەرگێڕانە سەقەتانە دەبینین، چونکە لە بنەڕەتدا وشە و زاراوەی پیشەیی کەمتر لەو میتودە پەروەردەییانەدا لە داوودەزگا حکوومییەکان کاری پێ کراوە و جێگیر بووە، سەرباری ئەوەی زۆربەی زۆری وەرگێڕی ئەو کتێبانە مامۆستاکانی ئەو خوێندنگایانەن کە ساڵانی ساڵ ئەو کتێبانە بە زمانی عەرەبی خوێنراون، نەک کوردی.

باشە دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی تایبەت بە وەرگێڕان ڕۆڵ و ئەرکیان چییە لە جوێکردنەوەی بابەتێکی وەرگێڕدراوی باش لە بابەتێکی وەرگێڕدراوی خراپ؟ وەرگێڕی باش و کارامە چۆن دەکارێ لەوەرگێڕانەکەیدا بنەما و ڕێزمانی نووسەرەکە لەبەرچاو بگرێت، لەوانەش کورتی، یان درێژدادڕی نووسینەکە چۆن ڕەچاو دەکات، چونکە زۆرینەی نووسەرانی ئێمە لە نووسیندا کێشەی خاڵبەندییان هەیە، ئەدی دەبێ وەرگێڕ چ بایەخێک بەخاڵبەندی بدات و چ جۆرە وەرگێڕانێک چێژی دەقە ئەسڵەکە دەپارێزێ و خوێنەریش ماندوو ناکات.

زۆر لە وەرگێڕەکان پەنا دەبەنە بەر فەرهەنگی وشە و

زاراوەکان، ئێستا کاری وەرگێڕان بووەتە بەشێک لەبازرگانیکردن نەک بەرپرسیاریەتی، کەواتە وەرگێڕان نەبووەتە پرۆسەیەکی مەعریفی لەناو ئێمەی کورددا، لەکاتێکدا توانستی ماددی و مەعنەوی بۆ ئەم پرۆسەیەش دابین کراوە.

ئەمە یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی وەرگێڕان لە کوردستان، کتێبێکی بە ژمارە زۆر دەکرێنە زمانی کوردی، کەچی لە رووی چۆنیەتییەوە زۆر خراپن! من پێم وایە ئەم دیاردەیە زیاتر بۆ نەبوونی وەرگێڕی شارەزا و لێهاتوو و پسپۆڕ لە بواری وەرگێڕان دەگەڕێتەوە، چونکە لە زانستی وەرگێڕاندا بە تەنیا زانینی هەردوو زمان بەس نییە بۆ وەرگێڕان، وەرگێڕ دەبێ شارەزای هەردوو کولتووری زمانەکە بێ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە وەرگێڕ دەبێ لە تەکنیکی وەرگێڕان کارامە بێ، لە کاتێکدا کە ڕستەیەکی ئاڵۆزی دێتە پێش نابێ وەرگێڕانی حەرفی بۆ بکات، پێویستە بە ڕادەیەک لە وەرگێڕان شارەزا بێت، بتوانی بەرانبەرەکەی لە زمانی ئامانج بدۆزێتەوە. لەلایەکی دیکەوە وەرگێڕ دەبێ لە گواستنەوەی شێوازی نووسینی زمانی سەرچاوە بۆ زمانی ئامانج لێهاتوو بێ، نەک هەر گواستنەوەی واتا بەبێ شێوازەکەی، بە تایبەتی لە وەرگێڕانی دەقێکی ئەدەبیدا.

بایەخی وەرگێڕان لە دانانی میتودە پەروەردەییەکان لە هەرێمی کوردستان لەوەدایە کە لە ڕێگەی خوێندنەوەی بەرهەمی فەرهەنگی، زانستی، کولتووری و... مێژووی نەتەوەکان دەناسین و کەڵک لە ئەزموونەکانیان وەردەگرین، چونکە بەداخەوە هەر لە بنەڕەتدا کتێبەکانی خوێندن لە کوردستان دەقی وەرگێڕاو بوون نەک نووسین، کە ڕاستەوخۆ لە زمانی عەرەبییەوە بۆ کوردی تەرجەمە و ئامادەکراون، بۆیە دەبینین لەو میانەدا دووچاری کۆمەڵێک هەڵەی زمانەوانی هاتوون، دیارە لە هەموو سەردەمێکدا وەرگێڕان ڕۆڵی مێژوویی خۆی گێڕاوە بۆ سازکردنی میکانیزمی خەبات لەپێناو زمانی نەتەوەییدا و کاریگەریی مەزنی هەبووە، بەڵام لەبەر نەبوونی زمانێکی ستانداردی کوردی، مخابن هەندێک لە وەرگێڕەکان زمانێکی ناوچەیی لە وەرگێڕانەکانیاندا بەکار دەهێنن، ئەمەش کەمتر چێژ بە خوێنەر دەدات، ڕاستە کوردی زمانێکی فرە زاراوەیە، شێوەزاری ناوچەیەک لەگەڵ ناوچەیەکی دیکەدا جیاوازە، بەڵام دیسان زمانی کوردی یەکێک لە زمانە دەوڵەمەندەکانی جیهانە، پێم وابێت ئەگەر نووسەرێک، شاعیرێک، توێژەرێک ئەگەر بۆ وشە، یان دەستەواژەیەک دابمێنێت و کەمێک خۆی ماندوو بکات، دەتوانێت لە دوورە دێیەکی گەرمیان، یان کوێستان، لە زاری پیرەمێردێک، لە دەق و کتێبێکی کۆنی ناوچەیەکی ئەم کوردستانە پانوبەرینەدا، جوانترین وشە و زاراوە پەیدا بکات و بە شێوەیەکی سادە و ساکار، لە هەمان کاتدا ڕەوان، بیترنجێنێتە ناو بەرهەمەکەیەوە، ئەوسا خوێنەر کەمەندکێش دەکات و چێژێکی بێ هاوتای پێ دەبەخشێت، وەلێ کورد لە سایەی داگیرکاری و دابەشبوونی بەسەر دەوڵەتانی ناوچەکەدا، تەنانەت ئاشنایی لەگەڵ زمانەکەی خۆیشیدا نەبووە، بەداخەوە ئەمڕۆ کێشەی گەورەمان لە تێگەیشتنی کرمانجی سەروودا هەیە و خەریکە بە زمانێکی دی لەقەڵەم دەدرێت، بۆیە ئەگەر ئێمە بتوانین لە زمانی ئەدەبی و لە ڕاگەیاندنەکاندا خوێنەر و بیسەر بەو زاراوە و شێوەزارانە ئاشنا بکەین، ئەوە خزمەتێکی باش بە زمانەکەمان دەکەین و ئەرکێکی پیرۆز بەجێ دەهێنین، پاشان بەرهەمێک دەخەینە بەردەست خوێنەر، لە ناوچە جیاجیاکانی دیکەی کوردستانیشدا بخوێنرێتەوە و لێی حاڵی بن، وەرگێڕی سەرکەوتوو پێویستی بە زانینی زمانە بەشێوەیەکی ئەکادیمی، ئاخافتن بەیەکێ لە زمانە بیانییەکان وەرگێڕ دروست ناکات، هەروەک پێشتر ئاماژەم پێ دا، لەوەیش گرینگتر زمانی دایکە، مرۆڤ ئەگەر شارەزاییەکی باشی لە زمانی دایکیدا (بەزاراوە و شێوەزارە جۆراوجۆرەکانییەوە) نەبێت ناتوانێت ببێت بە وەرگێڕێکی سەرکەوتوو، لەپاڵ ئەمیشەوە زانینی چەند زمانێک وەرگێڕ دەوڵەمەندتر دەکات، لەم ساڵانەی دواییدا و پاش کۆچی گەلێک لە نووسەران و ڕۆشنبیران بۆ دەرەوەی وڵات، هەندێک بەرهەمی کوردی وەرگێڕدرانە سەر زمانە ئەوروپاییەکان، بەڵام ژمارەیان کەمن و لەو ئاستەدا نەبوون، کە بەرهەمی ئەدەبی کوردی بە خوێنەری بیانی بناسێنن، دیارە هۆیەکەی بۆ نەشارەزایی تەواو لەو زمانانەدا دەگەڕێتەوە، وەک لە سەرەتادا ئاماژەم پێ دا وەرگێڕان پێویستی بەشارەزاییەکی گەلێک فرەتر لە قسەکردن و خوێندنەوە بە زمانێکی تر هەیە، دیارە هەڵبژاردنی دەقی شایستە، زەوقی ئەدەبی وەرگێڕ بە خوێنەرەکەی دەناسێنێت، وەرگێڕی جیددی بە تەنێ کار بۆ ئەوە ناکات هەرچییەکی بەردەست بکەوێ وەری بگێڕێت، بەڵکو دەبێت بەهەڵبژاردنەکەی ئامانجێک

بپــێکێت و تینوێتی خــوێنەر بە بەرهەمــە ناوازەو نەناسراوەکانی نەتەوەکانی دی بشکێنێ.

**ئەنجام**

زمــان یەکــێکە لە ئاڵۆزترین داهێنانەکــانی مـرۆڤ، هاوکات ڕازێکی سەرنجڕاکێش و گرێیەکی سەختی بواری لێکۆڵینەوە و تیۆرامانیشە، چۆن زمان پەیدا بووە؟ بۆچی زمــان بووە بە هۆکــاری پێــوەندی دروست کــردن و چۆن پرۆســەی لێکگرێدانی دەنگ و واتا، ڕستــەســازی و وشەسازی دەستی پێ کردووە و تا ئێستاش بەردەوامە؟ لەو پرسیارە سەرەتایی و بنەڕەتییانەن کە زمانناسانی بە خۆیەوە سـەرقـاڵ کـردووە، هاوهەنگاو لەگـەڵ گـەشـە و پێشکەوتنی مـرۆڤـایەتیـدا زمـان تەنیـا لە چوارچێوەی هۆکـارەکـانی پێـوەندی پێکەوەکـردندا نەمـاوەتەوە و لە کۆنتێکستی جیاوازدا ڕۆڵ و مـاهیەتی خـۆی گۆڕیوە و کارەکتەری جۆراوجۆری تاقی کردووەتەوە، بۆ نموونە زمان لە تێـڕوانینی یەکـەمـدا ڕۆڵێکی مـەدەنیـانە دەگـێـڕێ و پانتــایی پێکگەیشتن، لێک تێگەیشتن و پێــوەندی دروستکردنی نێـوان مـرۆڤـەکـانە، لەگـەڵ گـۆڕانکارییـە مـێـژوویی و سـیـاسـییـەکـان، لە دنیـای مـۆدێرندا زمـان بەرگـێکی سـیـاسـیـیـانە دەپۆشێ و دەبێـتـە مـەیدانی جیاکردنەوەی سنوورەکانی دەوڵەت - نەتەوە و بەشداری و پشکداری لە کایە سیـاسییـەکان دەکا و ڕەوایەتی بە هاووڵاتیـبـوون لە فـۆرمـێکی ئیـداری و سـیـاسـیـدا دەبەخـشێ، بۆ نموونە دەتوانین ئامــاژە بەو کــارکــردە ئایدیۆلۆژیکییەی زمان لە تورکیا و ئێراندا بکەین. زمان لە کارەکتەرە ناسنامەخوازییەکەیدا کە مەبەستی سەرەکی ئەو وتارەشــە، پانتــایی ئەزمـوون کـردنی ناسنامــەیە، ئامرازێکی کارا و بەهێزی پێناسەکردنەوە و دانپێدانانە لە سنوورەکــانی نەتەوە - دەوڵەتدا و نزیک بوونەوە لە نێوەندی دەسەڵات، ئەو کارەکتەرەی زمان لەنێو کەمینە ئایینی و ئێـتـنیـسـتـیـیـەکـانـدا، یان لەنێـو نەتەوە پەراوێزخـراوەکــاندا بە ڕوونی بەرچاو دەکــەوێ، بۆ کوردەکـان، زمان هەم دیوێکی بەرگریخوازانەی هەیە کە بەشـێکە لە ناسنامــەیەک و دەبێ لە ئاست هەژمــوونی دەوڵەتانی زاڵ بەسـەر کـوردسـتـانـدا وەک مـیـراتێک و گـــەوهەرێکی بەبایەخ بپـــارێزرێ، هەم دیوێکی هێرشبـەرانەشی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و دروستکردنی قــەوارەیەکی سـیــاسی هەیە. دیارە زمـانی کــوردیش سـەبارەت بەو هۆکـارانەی کـە لە باسـەکـەدا ئامـاژەم پێ کردوون، دووچاری ئەو کێشانە هاتووە. من پێم وایە لە پرۆسەی نەتەوەسـازیدا کە کورد ببێتـە خاوەنی قەوارەی سیاسی خۆی وەک دیفاکتۆ زمانی فەرمی، یان زمانی پایتەختی دەوڵەتەکە دەبێتە زمانی ستانداردی سەرجەم پێکهاتەکانی گەلێ لە هەر چوار پارچەکەی کوردستـان، تەنانەت کوردەکـانی هەندەرانیش ناچار دەبن ئەو زمـانە فەرمییە بکەنە زمانی ستانداردی خۆیان و لە نووسین و خوێندنەوەدا بەکاری بهێنن.


**سەرچاوەکان:**

**- بەراوردکارییەک لەنێوان زمانی کوردی و عەرەبیدا، د.کامیل بەسیر، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥.**

**- زمـانەوانی، پ. د. یووسف شـەریف سـەعـیـد، چاپخـانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.**

**- نەتەوایەتی و زمـان لە کـوردسـتـاندا، ئەمـیـر حـەسـەن پوور، وەرگێڕانی باکووری، چاپخانەی ڕۆشنبیری ٢٠١٠.**

**-بوونی نەتەوە و سیاسەتی زمان، تاریق جامباز، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤.**

**-زمـانی کـوردی و دیالێکتـەکـانی، توێژینەوەیەکی جـوگـرافی، د.فوئاد حەمە خورشید، وەرگێڕانی سوداد ڕەسووڵ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٨.**

**-زمانی کوردی لە ئێران، دانپێدانانی سنووردار، د. جەعـفـەر شێخولئیسلامی، وەرگێڕانی عەبدولخالیق یەعقووبی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٨.**

**-زمـانی زگمـاک، یادکردنەوەی ڕۆژی جیـهـانی زمـانی دایک، بلاوکـراوەکـانی ئەکـادیمیـای کـوردی، چاپخـانەی حـاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.**

**گۆڤارەکان:**

**- زمــانناسی، ژمــارەکــانی ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ١٥و١٦، شوباتی ٢٠١٠ تا تەمموزی ٢٠١٤.**

**-زمانەوان، زانستی لێکۆڵینەوە، ژمارە ٣ی ١٣٨٥ی هەتاوی، بلاوکراوەکانی ئەنیستوتی فەرهەنگی کوردستان، تاران.**